زانكۆی گەرمیان
University of Garmian

# كوردانْدنى پێوانەى پێنج فاكتەرە گەورەكەى كەسايەتى

**كريم مدحت حاتم، يسرى يوسف**

بەشى پەروەردە و دەروونناسى، كۆلێجى پەروەردە، زانكۆى گەرميان

**پوختە**

**ئامانجى ئەم توێژینەوە بریتیە لە كوردانْدنى پێوەرى پێنج فاكتەرە گەورەكەى كەسايەتى كە لەلايەن** (John & Srivistava) **لەساڵى** (1999) **گەشەى پێدراوە . لە ڕێگاى دەرهێنانى ڕاستگۆى وەرگێڕان و ڕاستگۆى و جێگیرى پێوەرەكە بۆ دڵنيابوون لە ڕاستگۆى وەرگێڕانى پێوەرەكە پشت بەسترا بە وەرگێڕانى كۆمەڵێك مامۆستاى پسپۆر لە زمانى ئینگلیزى و دەروونناسى و زمانى كوردى كە شارەزايەكى باشيان هەبوو لە هەردوو زمانى (ئینگلیزى و كوردى).بۆ دڵنيابوون لە راستگۆيى و جێگیرى وێنەى يەكەمى ڕاپرسیەكە ربە بەكارهێنانى ڕێگاى ئامارى كورنباخ ئەلفا كە دەرئەنجامەكەى** (70) **بوو. بۆ دڵنيابوون لە جێگیرى پێوەرەكە لە كۆمەڵگاى توێژینەوە توێژەران ڕێگاى ئامارى دووبارەكردنەوەى پێوانەكردن** (Test-retest) **يان بەكارهينا، كە دەرئەنجامەكەى** (P=0,62) **بوو. ئەويش پاش دەرهێنانى** 6 **پرسيار لە ڕاپرسیەكە ئەويش لەڕێگاى دابەشكردنى فۆرمى پێوەرەكە كە پيكهاتبوو لە** (44) **پرسيار بەسەر نمونەى توێژینەوەكە كە پيكهاتبوون لە** (183) **خوێندكارى بەشى پەروەردە و دەروونناسى بۆ ساڵى** (2018–2019)**، وە پاش سێ هەفتە** (21) **ڕۆژ جارێكى تر هەمان فۆرمى پێوەرەكە دابەشكرا بەسەر هەمان نموونەى پيشوو. لە دەرئەنجامى كۆى كارەكان ڕاپرسیەك بە دەست هێنرا كە لە** (38) **پرسيار پێك دێت وە ڕاستگۆيى و جێگیرى بۆ دەرهێنراوە لە كۆمەڵگاى كورديدا وە بە زمانى كوردى.**

**وشە بنجينەييەكان: ڕاستگۆيى، جێگیرى، پێنج فاكتەرە گەورەكە،(بە كوردى پێنج فاكتەرەكە بنوسە)**

**لێكۆڵینەوە لە كەسايەتى يەكێكە لە بابەتە گرنگەكانى زانستى دەروونى وە لەهەمان كاتدا يەكێكە لەو بابەتانەى كە زۆر ئاڵۆز و فرە ڕەهەندن، فرە ڕەهەندى كەسايەتى لەوەوە سەرچاوەى گرتووە كە ئەم بابەتە زۆربەى لايەنەكانى مرۆڤ دەگرێتەوە، بۆ نموونە شێوازى جەستە، تايبەتمەنديیە شاراوەكانى كەسايەتى، بيروباوەڕ و هەستەكان، هەڵچوون و پەيوەنديیە كۆمەڵايەتيەكان.**

**هەروەها چەندين فاكتەرى جۆراوجۆر هەيە كە ڕاستەوخۆ يان ناڕاستەوخۆ وە شێوازەكان كاريگەرى لەسەر كەسايەتى دروست دەكات،. بۆ نموونە فاكتەرى بۆماوەيى، فاكتەرە بايلۆزييەكان، زينگە وە بە هەموو جۆرەكانيەوە، بۆ نموونو جوگرافى، سياسى، ئابوورى، هزرەكان، بيروباوەڕەكان، داب و نەريت** (Alzangana, 2017).

**ئەوەى پەيوەست بێت بە فاكتەرە بايلۆزييەكان (لازارۆس) باس لەوە دەكات كە ئەستەمە لە كەسايەتى مرۆڤ تێبگەى بەبێ لێكۆڵینەوە لە بابەتە بايلۆجيەكان وەك گەشەسەندنى بايلۆجى وە كاريگەرى ئەو گەشەسەندنە لەسەر كەسايەتى مرۆڤ و ڕەفتارى (الخليل،** 2013).

**هەروەها ئەو پەيوەست بێت بە فاكتەرە زينگەييەكان و كاريگەرييان لەسەر تايبەتمەنديیەكانى كەسايەتى مرۆڤ (ئەريك فرۆم) پێى وايە تێگەيشتن لە مرۆڤ دەبێت لەسەر بنەماى شيكردنەوەى پێداويستيەكانى بێت كە لە بارودۆخى بونيەوە سەرچاوەى گرتووە (هەمان سەرچاوەى).**

لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی و پێوانەکردنی هەر لە کۆنەوە گرنگی و تایبەتی خۆی هەبووە. هەر لە کۆنەوە هەوڵدانێکی چڕ هەبووە بۆ دانانی پۆلێنکردنێکی زانستی بۆ جۆرەکانی کەسایەتی. بۆ نموونە فەیلەسوفێکی یۆنانی بەناو هیپۆکراتس (460–377 پیش زایین) زیاوە پۆلێنکردنێکی بابەتی بۆ جۆرەکانی کەسایەتی داهینا کە کەسایەتی مرۆڤەکانی بەسەر چوار جۆری میزاجی تایبەتدا دابەشکردبوو. ئەوانیش بریتی بوون لە میزاجی خوێناوی (Sanguine)، میزاجی زەرداوی (Choleric)، میزاجی ڕەشاوی (Melancholic)، میزاجی لیمفاوی (Phlegmatic)، وە بۆ هەر یەك لەو چوار جۆرە کۆمەڵێك تایبەتمەندی کەسایەتی دیاریکردووە، بەلاّم ئەم پۆلێنکردنە لەناو زاناکاندا وەك هەوڵێکی زانستی ئەژمارنەدەکرا، چونکە پشت بەستوو نەبوو بە توێژینەوەی زانستی. سەرەتای هەوڵە زانستیەکان بۆ پۆلێنکردنی کەسایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی جیلفۆرد (Guilford) تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی پۆلێنکرد بۆ 13 فاکتەر، ئەمە لەکاتێکدا کاتڵ (Cattle) پێی وابوو کە 16 فاکتەرە، بەڵام ئایزنگ (Eysenck) ئەوەی سەلّماند کە پۆلێنکردنی کەسایەتی دەکرێت تەنها بە دوو فاکتەر بێت. بەڵام دواجار زۆرێك لە زاناکانی ئەم بوارە پێیان وابوو کە (16) فاکتەرەکەی کاتڵ زۆرە و دوو فاکتەرەکەی ئایزینگ یش کەمە بۆیە زۆرینەیان ڕێککەوتن لەسەر پۆلێنکردنێکی تازە کە بریتی بوو لە پینج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی (Five factor model FFM) (**النصاري و السليمان**، 2014).

بەپێی سەرچاوە زانستیەکان وشەی کەسایەتی لە وشەی یۆنانی کۆن (Persona) سەرچاوەی گرتووە وە لەو سەردەمە بە واتای( دەمامك) بەکارهێنراوە. وە مەبەست لەم زاراوەیە بریتی بووە لەو دەمامکەی کە ئەکتەرەکان دەمووچاوی خۆیان پێ دادەپۆشی بۆ ککاری نواندن لە کاتی ڕۆڵگێڕان لەسەر شانۆ (Feist&Feist, 2009) .

کاتڵ وا پێناسەی کەسایەتی دەکات کە بریتیە لەو سیستەمەی کە لە ڕێگایەوە دەکرێت پێشبینی بکرێت بۆ هەڵس و کەوتی مرۆڤ لە بارودۆخێکی تایبەتدا بۆیە کەسایەتی مرۆڤ هەموو جۆرێکی ڕەفتار دەگرێتەوە چی ئەوەی دیاربێت یا شاراوە (**شەریف**،1981).

لە کاتێکدا واتسن لە (1930) وا پیناسەی کەسایەتی دەکات کە بریتیە لە کۆی ئەو چالاکیانەی کە دەکرێت بدۆزرێتەوە لە ڕێگای تێبینی کردنی ڕەفتاری مرۆڤ بۆ ماوەیەکی گونجاو (هەمان سەرچاوە).

Coon & Mitterer (2004) پێیان وایە کە زاناکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کەسایەتی مرۆڤ بریتیە لە پێکهاتەیەکی دەگمەنی جێگیر کە هەموو تایبەتمەندییە هزری و هەڵچونی و ڕەفتارییەکان دەگرێتەوە.

لە مێژووی هاوچەرخی زانستی دەروونی چەندین زانا دەرکەوتن کە هەوڵیان دا بە شێوازێکی زانستی لێکۆڵینەوە لە بابەتی کەسایەتی بکەن وەکو فرۆید داهێنەری قوتابخانەی شیکاری دەروونی وە واتسن و قوتابخانەی ڕەفتاری کە چەندین جۆری شیکردنەوە و پۆلێنکردنی زانستیان بۆ کەسایەتی کرد.

پاشان تیۆری خەسڵەتەکان دەرکەوت ئەم جۆرە تیۆرانە جیاوازتر لە تیۆرەکانی جۆر سەیری سروشتی مرۆڤ دەکەن و خەسڵەتەکانی لێکدەدەنەوە ئەم تیۆرانە لە جیاتی ئەوەی جۆرێك لە کەسایەتی دیاریبکەن کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندی دەدەنە پاڵ، ئەوەی لێرەدا باس دەکرێت ئەو خەسڵەت و ڕەهەندانەیە کە نیمچە نەگۆڕن نەك ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە ماوەییەکی کەم و چەند جارێك دەردەکەون و دواتر کاریگەرییان دیارنامێنێت هەر بۆیە ئەوەی لێرەدا باسدەکرێت ئەو خەسڵەتانەیە کە دەبێت بە یەکێك لە ڕەهەند و سیفەتەکانی ئەو کەسە (قەرەچەتانی،2011).

تویزینەوە و پۆلێنکردنی خاسیەتەکانی کەسایەتی لەوانەیە ئەوەندە کۆن بن هەر وەك زمانی مرۆڤەکان خۆیان (Matthews,Deary&Whiteman,2003)، هەر بۆیە لە کۆنەوە گرنگی بە خاسیەت و جۆرەکان و پۆلێنکردنی کەسایەتی دراوە، زۆرێك لە زانایان هەوڵیان داوە کەسێتی مرۆڤ دابەش بکەن بۆ جەند بەشێك لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دابەشکردنانە ڕەخنەی زۆری لێگیراوە چونکە ناتوانین بە تەواوی دەستنیشانی بکەین کام تیۆر زیاتر گونجاوە و بێ کەم و کورتیە، وەك لەسەرەوە ئامازەمان پێکرد یەکەم هەوڵدان بۆ پۆلێنکردنی کەسایەتی لەسەر دەستی هیپۆکراتس بووە لە نێوان سالآنی (460–377) زیاوە.

بەلاّم سەرەتاکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەتی کەسایەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەیەم بووە، وە بۆچوونی عشی (2004) لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەیەم چەندین پزیشك و توێژەر دەرکەوتن وەك فرۆید و ئادلەر و یۆنگ و کە هەوڵی لێکۆڵینەوەی زانستیان دا لە بواری کەسایەتی بەپێی بۆچوونی عبدالخالق (2015) دەکرێت سێ ئاراستەی سەرەکی لەم بوارە

دەستنیشانبکەین کە بریتیە لە شیکردنەوەی دەروونی (psycho analysis) وە تیۆری (النصریه السیمات) وە ئاراستەی زانینی. ڕەفتاری هەریەك لەم ئاراستانە تیۆرێکی گشتی لە بواری کەسایەتی بنیات نا هەروەها هەندێك تیۆر دەرکەوتن کە زیاتر گرنگیان بە لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دەدا بۆ نموونە سەرەتاکانی هەوڵدان بۆ دابەشکردنی مرۆڤەکان بەسەر جۆری تایبەت بەشێوازێکی زانستی لەسەر دەستی زانایەك بوو بەناوی جۆردن ئالپۆرت، ئالپۆرت بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپیشەیەکی بەناوی (ئۆدبێرت) لەساڵی (1936) وە لە ڕێگای بەکارهێنانی فەرهەنگەکانی زمان توانیان (7953) وشە دەستنیشان بکەن کە وەسفی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دەکات (Seamon&Kenrick,1994., Holt et all ,2013).

پاشان رایمۆند کاتڵ لەساڵی (1956) هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی دا بۆ (4000) تایبەتمەندی پاشان کەمیکردەوە بۆ (171) تایبەتمەندی لە ڕێگای دورخستنەوەی ئەو وشانەی کە هاوواتان پاشان لە ڕێگای شیکردنەوەی فاکتەرەکان (Factor analysis) توانی (16) فاکتەر دەست نیشانبکات بۆ پۆلێنکردنی کەسایەتی مرۆڤەکان ( ,.Engler,2014 Seamon& Kenrick,1994) •

هانز ئایزنگ هاوڕابوو لەگەڵ کاتڵ لەوەی کە کەسایەتی مرۆڤ دەکرێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی دابەشبکرێت بەسەر کۆمەڵێك فاکتەر بەڵام لە زمارەی فاکتەرەکان هاوڕانەبوو لەگەڵ کاتڵ. پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەشت بە سێ فاکتەری سەرەکی (Schultz&Schultz ,2005) . وە پاش کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە کۆستا و ماکری گەشەیان دا بە پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی کەسایەتی کە ناونرا پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی (Fesit&Fesit ,2009).

پێوەری پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی بە گونجاوترین پێوەر دادەنرێت لە بواری زانستی دەروونی سەردەم. پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی وەرگێڕانی بۆ کراوە بۆ چەندین زمانی جیهانی هەروەها هەوڵێکی زۆر هەبووە بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و جێگیری ئەم پێوەرەیە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بۆ نموونە عرەبی، بولغاری، سینی، دانیمارکی، هۆڵەندی، فیرلەندی، فەرەنسی، ئەڵمانی، یۆنانی، عبری، هەنگاری، ئایسلەندی، ئەندەلوسی، ئیتاڵی، یابانی، کۆری، لیتوانی، مالیزی، نەرویجی، روسی،..(Goldberg,1990) •

پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی (Five Factors model FFM) لە ڕێگای چەندین توێژەرەوە بەکارهێنراوە و گەشەی پێدراوە هەر بۆ نموونە فیسك وە تیوبس وە کریستاڵ وە نۆرمان وە بۆرجاتا وە سمیس وە دیجمان وە بیۆبی وە جۆلدبێرج وە کۆستا وە ماکری وە وەجینس وە جۆن کە بە باشترین نموونەی ئەو پێوەرە دادەنرێت (عبدالخالق و النصاری، 1996 دەروانرێتە النصاری و السلیمان، 2014).

النصاری لە ساڵی 1997 لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام دا کە ئامانجی زانینی ئەندازەی گونجاوی ئەم پێوەرە کە لە شێوە کورتکراوەکەی پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی بوو لەسەر کۆمەڵگەی کوەیتی (النصاری و السلیمان،2014). هەروەها هەریەکە لە کۆستا و تیراسیانۆ و ماکری لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجام دا کە تێیدا ئەم پێوەرە وە شێوازە درێژەکەیان بەکارهێنا لە 23 وڵاتی جیاواز وە لەسەر نموونەیەك کە پێکهاتبوو لە (2300) خوێندکاری زانکۆ (هەمان سەرچاوە).

هەروەها جلجۆس (Juljoz,2002) لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا بەسەر نموونەیەکی تورکی کە لە 216 ڕەگەزی مێینە و 287 لە ڕەگەزی نێرینە وە هەموویان فەرمانبەربوون لەم توێژینەوە پێوەری پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی بە شێوازە درێژەکەی بەکارهینرابوو (وێنەیەکی تورکی).

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی گونجاندنی ئەم پێوەرە بۆ کۆمەڵگای کوردی ئەویش لە ڕێگای وەرگێڕانی وێنە ئینگلیزییەکەی بۆ سەر زمانی کوردی وە دۆزینەوەی ڕاستگۆی وەرگێڕان و ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکە لە کۆمەڵگای کوردی بەمەبەستی دابینکردنی ئەم پێوەرە بە وێنە کوردییەکەی بۆ بەکارهێنانی لەلایەن توێژەران لە بواری پێوانەکردنی کەسایەتی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە هەوڵێکی زانستیە بو دابینکردنی پێوەرێکی زانستی بە زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی لەلایەن توێژەرانەوە بۆ پێوانەکردنی کەسایەتی، چونکە بەو ئەندازەی کە توێژەران ئاگەدارین تاوەکو ئیستا وەها پێوەرێك نیە بۆ پێوانەکردنی کەسایەتی بە زمانی کوردی.

**میتۆدی توێژینەوە** (Methods)

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە (Psychometric) لە ساڵی (2018–2019) لە زانکۆی گەرمیان کاری لەسەر کراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە کۆی خوێندکارانی بەشی پەروەردە و دەروونناسی لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان کە ژمارەیان (252) خوێندکاربوو، کۆی خوێندکارانی هەر چوار قۆناغەکە لە بەشی پەروەردە و دەروونناسی کۆلێجەکە وەرگیراون وەکو نموونەی توێژینەوەکە. کۆی ژمارەی خوێندکاران و ژمارەی وەرگیراوان وەك نموونە لە خشتەی (1) خوارەوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە** (1):

| قۆناغ | ژمارەی گشتی خوێندکاران | ژمارەی خوێندکارانی بەشداربوو |
|---|---|---|
| **یەکەم** | 97 | 65 |
| **دووهەم** | 61 | 54 |
| **سێهەم** | 50 | 44 |
| **چوارەم** | 43 | 29 |
| **گشتی** | 252 | 183 |

**ئامرازی توێژینەوەکە** (Apparatus)

بەکارهێنانی پێوانەکاری پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتیە کە لە لایەن (John & Srivastava) لە (1999) گەشەی پێدراوە کە پێك هاتووە لە (44) برگە (چەمك) بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کە برگەکان بەم شێوەیە دابەشکراون 8) برگەی تایبەتمەندییەکانی Extraversion ، 9 برگەی تایبەتمەندییەکانی Agreeableness ، 9برگەی تایبەتمەندییەکانی Conscientiousness ،8برگەی تایبەتمەندییەکانی Neuroticism، 10 برگەی تایبەتمەندییەکانی Openness دەپێوێت) بۆ هەر (44) برگەکە (5) هەڵبژاردنمان هەیە بۆ هەر هەڵبژاردنێك ژمارەیەك دانراوە بەم شێوەیە ( زۆر ناڕازیم=1، هەندێك ناڕازیم=2، نەناڕازیم و نەڕازیم=3، هەندێك ڕازیم=4، زۆر ڕازیم=5) .( لە پاشکۆی ژمارە (1و 2) ڕاپرسیەکە خراوەتە ڕوو بە هەردوو زمان).

لە کاتی کۆکردنەوەی ئەنجامەکان کۆمەڵێك لە برگەکان بە پێچەوانەوە ژمارەکان وەردەگرین ئەو برگانەش لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتەڕوو :–

| تایبەتمەندییەکان | ژمارەی برگەکان (پێچەوانەکان) |
|---|---|
| Extraversion (**نەرم و نیان**) | 6، 21، 31 |
| Agreeableness (**ڕەزامەندی**) | 2،12،27،37 |
| Conscientiousness (**بە ویژدانی**) | 8،18،23،43 |
| Neuroticism (**ناجێگیری**) | 9،24،34 |
| Openness (**کراوەی**) | 35،41 |

**خشتەی ژمارە** (2)

توێژەر لێرەدا هەستاوە بە کوردادنی پێوانەی پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی لە ڕێگەی دەرکردنی ڕاستگۆی و جێگیری بۆ ئەم پێوانەیە لە بواری تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیەوە کە بە زمانی ئینگلیزی دروستکراوە، هەر بۆیە توێژەر هەستاوە بە وەرگێرانی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە ڕێگەی کۆمەڵێك هەنگاو بە شێوازێکی زانستیانە، هەنگاوەکانی وەرگێرانیش بریتی بوون لە :–

1–لە هەنگاوی یەکەم توێژەر هەستاوە بە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی پێنج فاکتەرە گەورەکە بەسەر کۆمەڵێك مامۆستا و پسپۆری شارەزا لە زمانی ئینگلیزی و وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی. (لە خشتەی ژمارە (3) ناوی ئەو پسپۆرانە و پسپۆری و پلەی زانستیان هاتووە کە بەشداربوون لە وەرگێرانی ڕاپرسیەکە).

| پلەی زانستی | پسپۆڕی | ناوی پسپۆڕان |
|---|---|---|
| مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | م. دەریا فایەق |
| مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | م. هانا محمد صالح |
| مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | م. شلێر جمعە محمد |
| دکتۆرا | Plant molecular biology | د. اسعد محمد محمود |
| مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | م. فریق أحمد أمین |
| مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | م. منی علی تهار |
| مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | م. ئەڤین هیدایت أحمد |

**خشتەی زمارە** (3)

2– لە هەنگاوی دووەم پێداچوونەوە بەسەر فۆرمی ڕاپرسیەکە کراوە کە لەلایەن ئەو پسپۆرانەی کە وەرگێرانیان بۆی ئەنجام داوە ئەویش لە ڕێگەی کۆمەلێك پسپۆر و شارەزای تری بەتوانا، جیاواز لەو کەسانەی کە پێشتر فۆرمەکەیان وەرگێڕاوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی باشترین وەرگێڕان بۆ ئەم ڕاپرسیە. (لە خشتەی ژمارە (4) ناوی ئەو پسپۆڕانە و پسپۆڕی و پلەی زانستیان هاتووە کە بەشداربوونە لە پێداچونەوە و دەستکاری کردنی وەرگێڕانەکە).

**خشتەی ژمارە** (4)

| پلەی زانستی | پسپۆڕی | ناوی پسپۆڕی |
|---|---|---|
| م. یاریدەدەر | زمانەوانی ئینگلیزی | م. خۆشی أنور حسن |
| م. یاریدەدەر | ئەدەبی ئینگلیزی | م. سالار محمود محمد |
| م. یاریدەدەر | دامو دەزگا دەروونی و پەروەردەییەکان | م. هەڵمەت فایەق دەرویش |
| مامۆستا | ڕێبازەکانی توێژینەوەی دەرونناسی | م. کەریم مدحت زەنگەنە |
| مامۆستا | تەندروستی دەروونی | م. نازدار قودرەت عباس |
| م. یاریدەدەر | زمانەوانی ئینگلیزی | م. میدیا رفیق حمید |
| م. یاریدەدەر | زمانەوانی ئینگلیزی | م.شادان حیدر محمود |
| م. یاریدەدەر | زمانەوانی ئینگلیزی | م. هێمن عادل کەریم |

3– لە هەنگاوی سێیەم دا توێژەر هەستاوە بە ڕێکخستنی ڕاپرسیەکە کە زمانی کوردی ئامادەکراوە و پاشان دابەشکردنی بەسەر پسپۆڕانی بەشی زمانی کوردی بە ئامانجی پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ ڕاپرسیەکە بۆ ئەوەی لە ڕووی زمانەوانیەوە کوردییەکی پەتی بێت . . (لە خشتەی زمارە (5) ناوی ئەو پسپۆڕانە و پسپۆڕی و پلەی زانستیان هاتووە کە بەشداربوون لە پێداچونەوەی زمانی کوردی).

**خشتەی ژمارە** (5):

| پلەی زانستی | پسپۆڕی | ناوی پسپۆڕ |
|---|---|---|
| م. یاریدەدەر | زمانی کوردی | م. ئەژین ئیبراهیم |
| م. یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئەدەب | م. سامان بەهمەن حمید |
| مامۆستا | زمانەوانی | م. تریفە محمد فرج |
| دکتۆرا | زمانەوانی | د.دارا حمید محمد |

**دەرئەنجام** (Result)

**پاشان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگیری وێنەی یەکەمی پێوەرەکە ڕێگای ئاماری کۆرنباخ ئەلفا بەکارهێنراوە لە ڕێگای دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەکە بەسەر (183) خوێندکاری هەر چوار قۆناغەکەی بەشی پەروەردە و دەروونناسی ، وە پاشان دەرهێنانی دەرئەنجام ڕێژەی کۆرنباخ ئەلفا بۆ پێوەرەکە (0,62) دەرچوو. کە لە خشتەی ژمارە (6) خاوەتەڕوو.**

**خشتەی ژمارە (6):دەرئەنجامی شیکردنەوەی کۆرنباخ ئالفا بۆ نمرەی گشتی**

| ژمارەی پرسیارەکان | کۆرنباخ ئالفا |
|---|---|
| 44 | 0.62 |

**وە پاشان ئەوەی (6) پرسیار لە ڕاپرسیەکە دەرهێنران کە باس لەوە دەکات ئەگەر پرسیارێك لابەریت ڕێژەی کۆرنباخ ئەلفا بەرزدەبێتەوە وە پاش دەرکردنی ئەو (6) پرسیارە کە بەپێی خشتەی دووەمی کۆرنباخ ئەلفا گەشت بە (70) بۆ 38 پرسیاری پێوەرەکە. کە لە خشتەی ژمارە (7) خاوەتەڕوو.**

**خشتەی ژمارە (7): دەرئەنجامی شیکردنەوەی کۆرنباخ ئالفا دوای دەرکردنی پرسیارەلاوازەکان**

| ژمارەی پرسیارەکان | کۆرنباخ ئالفا |
|---|---|
| 38 | 0.60 |

**پاشان بۆ زیاتر دڵنیابوون لە جێگیری پێوانەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە توێژەران ڕیگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی** (Test-retest) **یان بەکارهێنا ئەمجارەیان (230) فۆرم دابەشکرا بەسەر نموونەی توێژینەوەکە لە جاری یەکەم وە پاش (4) هەفتە جارێکیتر (183) فۆرم دابەشکرا بەسەر هەمان نموونە وە پاش بەکارهێنانی ڕێگای ئاماری** (Person correlation) **ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ڕێژەی پەیوەندیەکە (R= 0,63) بووە وە ئەمەش ڕێژەیەکی گرنگ بوو بەمشێوەیەش توێژەران دڵنیابوون لە جێگیری پێوەرەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، دەرئەنجامی شیکردنەوەی تاقیکردنەوەی** (Test-retest) **لەخشتەی ژمارە (8) خراوەتە ڕوو.**

**خشتەی ژمارە (8): دەرئەنجامی شیکردنەوەی پیێرسون بو** Test-retest

| | هاوپەیوەندی پیێرسون | گرنگی ئاماری | ژمارەی بەشدار بووان |
|---|---|---|---|
| Extraversion (**نەرم و نیان**) | 0.64 | 0.00 | 183 |
| Agreeableness (**ڕەزامەندی**) | | | |
| Conscientiousness (**بە ویژدانی**) | 0.75 | 0.00 | 183 |
| Neuroticism (**ناجێگیری**) | 0.67 | 0.00 | 183 |
| Openness (**کراوەی**) | 0.63 | 0.00 | 182 |
| **نمرەی گشتی** | 0.62 | 0.00 | 182 |

**گفتوگۆی ئەنجامەکان** (Discussion)

**ئامانجی ئەم تویژینەوە بریتی بوو لە کورداندنی پینچ فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی بۆ بەکارهێنانی لە کۆمەڵگای کوردی کە پێك هاتبوو لە( 44 )پرسیار پاش بەکارهێنانی ڕێگای ئاماری کۆرنباخ ئەلفا لە کۆی (44) پرسیار ڕاپرسیەکەی پێك هێنابوو تەنها( 38 )پرسیار مایەوە کە ڕێژەی کۆرنباخ ئەلفاکەی گونجاو بوو بۆ کۆمەڵگای کوردی ئەمیش لەوانەیە بەهۆی نەگونجانی**

هەندێك پرسیاری ڕاپرسیەكە لە كۆمەڵگای كوردی یان بەهۆی خراپ وەرگیرانی ئەو برگانە بێت یان هەندێكجار بەهۆی تێنەگەیشتن لە برگەكانی ڕاپرسیەكە كە بووە هۆی ئەوەی كە نمرەی گونجاو نەهێنێت بەپێی پێوەری كۆرنباخ ئەلفا وە لە دەرئەنجامی ڕێگای ئاماری (Test-retest) توێژەران دلنیابوون لە ڕاستگۆی و جێگیری پێوانەكە وە بەم شیوەیەش پیوەرەكە ئیستا ئامادەیە بۆ بەكارهینانی لە كۆمەڵگای كوردی.

سەرەڕای ئەوەی كوردانددنی پێوەری پێنچ فاكتەرە گەورەكەی كەسایەتی كارێكی گرنك بوو بەلاًم بیٚ كەموكورتی نەبوو لە كەموكورتیەكانی ئەم توێژینەوەیە وەرگرتنی نموونە بوو لە زانكۆیەكی دیاریكراو وە لە نێوەندی چینێكی خوێندەوار كە چینێكی زانكۆبوون ئەمەش دوواجار كێشە بۆ گشتاندنی ڕاپرسیەكە بەسەر هەموو كۆمەڵگادا دروست دەكا كە توێژەران هیواخوازن ئەو كەمووكورتیانەش نەهێڵن وە بتوانرێت كارێكی باشتری لەسەربكەین بۆ ئەوەی بتوانرێت پێوەرەكە بۆ كوێ چین و توێژەكان گونجاوبێت.

**سەرچاوەكان**

**كوردییەكان**


1- قەرەچەتانی،كەریم شەریف (٢٠١١). سایكۆلۆژیای گشتی. چاپخانەی دیلان-هەولێر، چ٣.

2- الخلیل، احمد محمود (2013). الشخصیه كوردییه، دراسه سوسیولوجیه. دار مكریانی من البحپ و النشر، اربیل ، گ1.

3- شریف،عبدالستار گاهر (1981). المشتمع الكردی. مگبع دار العیراق، بغداد.

4- النصاری، بدر محمد.، السلیمان، عبدربه مغازی (2014). نموذج العوامل الخمسه الشخصیه لدی الشباب العربی: دراسه المقارنه بین الكویت والمصری. مجلەت العلوم التربیه و النفسیه ، المجلد 15 ، العد4.

5- عشی، ماجد عبدالعزیز(2004). مقدمه فی العلم الشخصیه.اترنیت، بحپ الشخصیه، منتیدات الحصن النفسی، شبكه الحصن الحیات الارچ.

6- عبدالخالق، احمد محمد (2015). مكتبه النجلو المصریه، مصر.

7- Feist,Jess,.Feist,Gregory (2009). Theories of personality. New York MCGraw-Hill Higher education. 7th ed.

8- Alzangana, K. (2017). Academic Procrastination among International Graduate Students: The Role of Personality Traits, the Big-Five Personality Trait Taxonomy. *Researchers World*, *8*(3), 1.

9- Coon, D., & Mitterer, J. (2004). *Introduction to psychology*. Thomson Learning.

10- Engler, Barbara (2014). Personality theory (International Edition). Wadsworth.

11- Feist, J. (1994). Theories of personality. Harcourt Brace College Publishers.

12- , Nigel., Bremner, Andy., Sutherland, ED., Vliek, Michael., Passer, Michael., Smith, Ronald (2012). Psychology, The Holt science of mind and behavior. McGraw-Hill.

13- John, O. P., & Srivastava, S. (1999). The Big Five trait taxonomy: History, measurement, and theoretical perspectives. *Handbook of personality: Theory and research*, *2*(1999), 102-138.

14- Matthews, G., Deary, I. J., & Whiteman, M. C. (2003). *Personality traits*. Cambridge University Press.

15- Schultz, D. P., & Schultz, S. E. (2005). Theories of personality. Cengage Learning.

16- Seamon, John G., Kenrick, Douglas T (1994). Psychology. Prentice-Hall.Inc.

17- Goldberg, L. R. (1990). An alternative" description of personality": the big-five factor structure. Journal of personality and social psychology, 59(6), 1216.